# وەزارەتی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی یۆنامی پشتگیری لە نەمانی سزای لە سێدارەدان دەکەنەوە



بەمەسەتی کارکردن بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم پرۆژەیەی کە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ئەنجامی راوبۆچوون و پێشنیارەکانی بەشدارانی کۆنفرانسی (کارکردن بۆ کەمکردنەوەی برگە یاساییەکانی سزای لە سێدارەدان) ئامادەی دەکات. ئەمڕۆ 2008/7/3 لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت بەڕێز د.شوان محەمەد عەزیز پێشوازی لە خاتوو (ماریا سۆلیداد) لێپرسراوی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی یۆنامی کرد.

لەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەرێوبەری گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت ئامادەیبوو وەزیری مافی مرۆڤ بەدرێژی باسی لە بایەخی ئەم پرۆژەیە کرد و جارێکی تریش دووپاتیکردەوە کە سزای لە سێدارەدان لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ ناگونجێ، بۆیە وەزارەت هەمیشە بەجدی کار بۆ کەمکردنەوە و نەمانی دەکات، بەستنی ئەم کۆنفرانسەی دوایش بەشێکە لەو هەولانە، ئاماژەشی بەوەدا کە ڕێکخراوی یۆنامی لایەنێکی گرنگە لەم پرۆژەیە و کارەکانیشیان لەم ڕووەوە لەبەر چاوە.

لەبەرامبـــەردا خـــاتوو (ماریـــا ســـۆلیداد) رایگەیانـــد کـــە ســـێدارە لـــەو وڵاتانـــە جێبەجێـدەکرێ کـە کێـشە و گرفتـی زۆر زۆر بێـت و ئالۆزییـەکی تـەواوی بـەخۆوە گرتبێ و رێکخراوی یۆنـامی لەگـەڵ جێبـەجێکردنی ئـەم سـزایەدا نیـە، لەتـەوەرێکی دیکـــەدا هـــەردوولا باســـیان لـــە دیـــاردەی ئەشـــکەنجەدان کـــرد لەلایـــەن دەزگـــا پەیوەندیدارەکانەوە هەردوولا مەحکومی ئەم دیاردەیەیان کرد و بریاریشیان دا کـە هەوڵـــەکانیان بخەنەگـــەڕ بـــۆ دەستنیـــشانکردنی خراپیـــەکانی ئـــەم دیاردەیـــە و بنبڕکردنی.

جارێکی تر مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان باسێکی گرنگی ئەم دانیشتنە بوو و ئـەو کـارو چـالاکیانە خرانـەروو کـە وەزارەت ئەنجامیـداوە لـەم بـوارەدا، لەدرێـژەی گفتوگۆکانیشدا رەوشی زیندانیان و دواکەوتنی دادگاییکردنی زینـدانیان خرایـەروو و هەردوولا جەختیان لەسەر ئەوە کـردەوە کـە دەبـێ رەوشـی زیندانیـەکان لەئاینـدە هەموو ئاستەنگەکانی لەبەردەم لاببرێ و کێشەی دواکەوتن دادگاییکردنی زینـدانیش کە ئەمڕۆ بۆتە داواکارییەکی هەمیشەیی زیندانیان بـۆ بەدیارخـستنی چارەنووسـیان کە وەزارەتی مافی مرۆڤ کاری زۆری لەسەر کردووە، بەڵام تا ئێستاش ئەم کێـشەیە بەردەوامە.

لە تەوەرێکی دیکە لێپرسراوی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ لە رێکخـراوی یۆنـامی باسـی لە بەندیخانەی (سوسێ) کرد کە پەیوەندی راستەوخۆی بە حکومەتی مەرکەزییـەوە هەیە و هەر لەبەر ئەم رۆشناییەش باسی لەو لێبوردنە گشتیە کرا کە لـە حکومـەتی مەرکەزییەوە دەرچوو و هەرێمی کوردستانی نەگرتـەوە، چـونکە پێـشتر حکومـەتی هەرێمی کوردستان بەلێبوردنێکی گـشتی دەرکـرد بـوو ژمارەیـەکی زۆری زینـدانیان تیایدا سوودمەندبوون و گەڕانەوە نا ژیانێکی ئاسایی.

لە کۆتایی ئەم دیدارە خاتوو (ماریا سۆلیداد) خۆشحاڵی خـۆی بەرامبـەر باشـبوونی بـــارودۆخی کوردســـتان دەربـــڕی و راشـــیگەیاند: کـــە ئـــەم دەڤـــەرە ئارامـــە و گۆڕانکارییەکی شارستانی و کۆمەڵایەتی باشی بەخۆوە بینیوە.